هەرکەسێک پاش ئیسلامەتی (پاش مسوڵمان بوونی) چاکەکاری ئەنجامبدات؛ ئەوا بەرپرسیار نابێت لەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، و هەرکەسێک خراپەکاری بکات لە پاش ئیسلامەتی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی پێشووتر ودواتر

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئێمە لێپرسینەوەمان لێدەکرێت سەبارەت بەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا (پێش مسوڵمان بوونمان) کردوومانە؟ ئەویش فەرمووی: «هەرکەسێک پاش ئیسلامەتی (پاش مسوڵمان بوونی) چاکەکاری ئەنجامبدات؛ ئەوا بەرپرسیار نابێت لەو کردەوانەی لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، و هەرکەسێک خراپەکاری بکات لە پاش ئیسلامەتی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی پێشووتر ودواتر».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرزڵ وپلەوپایەی بوون بە مسوڵمان وهاتنە نێو ئایینی ئیسلامەوە ڕوون دەکاتەوە، وهەرکەسێک مسوڵمان بێت وئیسلامەتیەکەی چاک بێت ودڵسۆز وڕاستگۆ بێت؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێناکرێت لەسەر کردەوەکانی پێشووی کە لە جاهیلیەتدا کردوویەتی، وهەرکەسێک خراپەکار بێت لە ئیسلامدا ئەمیش بەوەی موناڤیق بێت یان هەڵگەڕێتەوە لە ئاینەکەی؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت لەسەر ئەو کردەوانەی کردوویەتی لە کوفردا وئەو کردەوانەی کردوویەتی لە ئیسلامدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65002